# بەرزبوونەوەی ئامارەکانی ڕێژەی جیابوونەوەو هۆکارو دەرەنجامەکانی

وەك دیارە هەموو گۆڕانکاری و پرۆسەیەك کاریگەری نەرێنی خۆی دروست دەکات لەسەر کۆی جومگەکانی ژیان و تاکی هاووڵاتی، یەکێك لەو پرسانەش کە زۆرترین کاریگەری دەکەوێتە سەری بەهۆی خراپیی بارودۆخی ئابووری و ناسەقامگیری سیاسی و کێشەی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە ژیانی خێزانەکان و هاوسەران، بەتایبەت لە بوونی هەر کەموکورییەك کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەو هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەری، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو بکەین لەهەرێمی کوردستان، دەبینین ئەو بارودۆخانە کاریگەرییان بووە لەسەر هاوسەران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق، چونکە زۆرجار لەوانەیە خودی هاوسەران خۆیان کێشەیان نەبووبێ، بەڵام بۆیان دروستکراوە. وەك ئەوەی باوە دەڵێن زۆرجار لەلایەن دەوروبەرەوە هاوسەران ڕووبەڕووی کیشەو ناخۆشی و تا ئاستی جیابوونەوە دەبن.. ئەگەر ئەو هۆکارە سەرەکییانە دیاری بکەین، کە بەگشتی دەبنە هۆی جیابونەوەی هاوسەران بریتین لە:

**یەکەم:** هۆکاری ئابووری بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت، بە هۆی خراپی باری دارایی و نەبوونی ئیمکانیەتی پێویست بۆ پێداویستییەکانی ژیان، چونکە بەردەوامیی خراپیی بارودۆخی ئابووری لە بەرامبەر پێداویستییەکانی ژیان و ڕۆژانە، دەبێتە هۆی دروستبوونی گفتوگۆ و دەمەقاڵەو دواتر دەگاتە کێشەو شەڕ و جیابوونەوە.

**دووەم:** هۆکاری جیاوازیی کۆمەڵایەتییە، ئەوەش بەهۆی جیاوازی کەلتووری و کۆمەڵگە کە زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دوو هاوسەرە ناگەنە یەکترو ناتوانن بە ئاسانی ڕێك بکەون لەسەر بەردەوامیی ژیان، بەتایبەت ئەو جیاوازییەش زیاتر لەنێوان ژیانی شارستانی و لادێنشین هەستی پێ دەکرێ، ئەو هۆکارەش هەندێ لایەنی دیکەی کەلتووری و ناوچەیی دەگرێتەوە.

**سێیەم:** هاوسەرگیری پێشوەختە کە ئەوە لەو ساڵانەی دوایی وەك دیاردە پەرەی سەندبوو، چونکە زۆرجار جیاوازیی تەمەن بۆتە هۆکار بۆ جیابونەوە، بەتایبەت کە زۆریی تەمەن بۆ پیاو و لەبەرامبەردا بچووکی ئافرەت هەمیشە بۆتە کێشەو ناتوانن ژیانێکی ئاسوودە بەسەر ببەن و تام لە ژیان بکەن، بەوەی کە حەزو هیواکانی کچی بچووك هێشتا لە چوارچێوەی ژیانی منداڵی دەسووڕێتەوە لەبەرامبەر حەزی پیاوێك کە تەمەنی بەسەر چووەو تەنیا بۆ یەك مەبەست هاوسەرگیری دەکات، بێ ئەوەی بیر لەلایەنی سۆزو خۆشەویستی بکاتەوە.

**چوارەم:** خیانەتی هاوسەری لەو سەردەمە ئەو هۆکارە بۆتە یەکیك لەوانەی کە کاریگەری گەورەی بووە لە جیابوونەوە، چونکە بوونی گومان و قسەی خەڵکی زۆرجار بۆتە بەشێك لە دروستبوونی ئەو قسەڵۆکانەی کەپێی دەوترێت: «خیانەت» کە زۆر جار تەنیا گومان بووە.

**پێنجەم:** تەکنەلۆژیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لەو سەردەمە تەکنەلۆژیاش کاریگەری بووە لەسەر جیابوونەوەی هاوسەران، بەتایبەت مۆبایل و فیلمە دۆبلاژکراوەکان کە زۆرجار بۆتە هۆی جیابوونەوەی ژن و مێرد.

**شەشەم:** هۆکاری جیاوازیی سیاسی، ئەگەرچی ئەو هۆکارە زۆر کەمە، بەڵام چەند حاڵەتێك ڕووی



# زیا پەترۆس*

## سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

بۆ گوڵانی نووسیوە

داوە بەهۆی جیاوازی ئینتیمای سیاسیی ژن و مێرد، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکان زیاتر ئەو حاڵەتە دیار دەبێت.

**حەوتەم:** نەبوونی سەنتەری تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی هاوسەران، وەك سەنتەری راوێژکاری خێزانی کە لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتان بوونی هەیە بۆ ئەوەی هاوسەران بەر لەوەی بچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، فێری ئەرك و فەرمانەکانی ژیان بن کە چین و چۆن دەست بە ژیانی تازە دەکەن.

**هەشتەم:** لاوازیی رۆڵی رێکخراوەکان لە هۆشیارکردنەوەو راهێنانی ئافرەتان، بەتایبەت رێکخراوەکانی ژنان کە وەك پێویست بەو رۆڵە هەڵنەساون بۆ هۆشیارکردنەوەو راهێنان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری تایبەت بە ژیانی هاوسەری .

**نۆیەم:** هاوسەرگیری نێوان خزمە نزیکەکان، یان ئەوەی پێی دەوترێت ژن بە ژنەو گەورە بە بچووك کە ئەگەرچی لەو ساڵانە کەم بۆتەوە، بەڵام ئەوەش کاریگەرییەکانی هیشتا ماوە، چونکە کە کێشەیەك لە یەکێك لەدوو هاوسەرەکە روو دەدات، ئەوە راستەوخۆ بێ ئەوەی هاوسەرەکانی تر کێشەیان هەبێ، بە ناچاری ئەوانیش تووشی کێشەو جیابوونەوە دەبن.

سەبارەت بە کاری دەستەی مافی مرۆڤ وەك لەیاسای ژمارە ٤ هاتووە، ئێمە رۆڵی هۆشیاری دەبینین، واتە زیاتر بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە مافەکانیانە بەتایبەت ژنان، بۆ ئەوەی بتوانن لەکاتی خۆی داکۆکی لەمافەکانی خۆیان بکەن. هەورەها دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ مرۆڤەکان لە رووی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و تەندروستییەوە. ئیمە بە پشتبەستن بە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کە پارێزگاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان دەکات و هانیان دەدات بۆ پێکهینانی ژیانی هاوسەری و دروستکردنی خێزان کار دەکەین، جگە لەوەش چاودێری ئەو یاسایانە دەکەین کە بۆ ئەو بابەتە دەرچوون. بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو رێگە چارەسەرییانە دیاری بکەین، دەبێت ئەو هەنگاوانە بنرێن:

**یەکەم:** باشکردنی ژیانی ئابووری و دارایی خەڵك بە چاککردنی مووچەو رەخساندنی هەلی کار .

**دووەم:** هاوکاریکردنی گەنجان بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بچنە نێو ژیانی هاوسەری، ئەویش بە دابینکردنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون و هاوکاری دارایی .

**سێیەم:** کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ئەو هاوسەرانەی تازە دەچنە نێو ژیانی هاوسەری بۆ ئەوەی رابهێنرێن لەسەر چۆنیەتی ژیانی تازەو رووبەڕووبوونەوەی کیشەو ئاریشەکان.

**چوارەم:** رێگریکردن و چاودێریکردنی ئەو دراماو بەرنامانەی دەبنە مایەی شێواندنی ژیانی هاوسەران، تەنانەت ئەو وتار و نووسینانەش کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی خێزان هەیە.

**پێنجەم:** رێگەگرتن لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری پێشوەختە و لە دەرەوەی دادگاکان، ئەویش بە سزادانی ئەو کەسانەی بەو کارانە هەڵدەستن .

**شەشەم:** چالاککردنی رۆڵی رێکخراوەکان و بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی رۆشنبیری و چۆنیەتی پاراستنی ژیانی هاوسەرگیری.

# کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و زیادبوونی جیابوونەوەکان هەڕەشە لە شیرازەی خێزانی دەکات

**ئامارەکانی تەڵاق لە ساڵی (٢٠١٢)دا (٦٠٧٩) حاڵەت و لە (٢٠١٣)دا (٦٤١٧) حاڵەت و لە (٢٠١٤)دا (٨٧٧٧)حاڵەت و لە ساڵی (٢٠١٥)بۆ (٩٢٩٥)حاڵەتی تەڵاق بەرزبووەتەوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٦)دابەزیوە بۆ (٥٨١٤)حاڵەتی تەڵاق و لە ساڵی (٢٠١٧)تا ئێستا ئامارێکی دڵخۆشکەری نییە**



**جیابوونەوەی هاوسەران گرفتێکی ئاڵۆز و مەترسیداری کۆمەڵایەتییە و قوربانییەکانیشی زیاتر منداڵانی بێتاوانن کە لە پەروەردەی دروستی خێزانی و نازی دایک یان باوک بێبەش دەکرێن. ئەو دیاردە مەترسیدارە لە هەموو کۆمەڵگەیەک بە رێژەی جیاواز بوونی هەیە، لەوەش مەترسیدارتر لە بەرامبەر هەڵکشانی رێژەی جیابوونەوە، کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییە. بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەریی کوردستان، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری بەردەوام کەمی کردووەو تەڵاق و جیابوونەوەش لە هەڵکشاندا بووە، کۆمەڵناسان و بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان گرفتی ئابووری و قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری پێشوەختە بە هۆکاری سەرەکیی ئەم پرسە دادەنێن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**پێویستە بە زووترین کات کۆنفرانسێک لەسەر پرسی تەڵاق ببەسترێ بۆ دیاریکردنی هۆکارەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان، چونکە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی خێزان لەبەریەک هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەیە**

**لە کاتی جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتری، قوربانیی سەرەکی منداڵەکانن کە دەکەونە نێوان دوو ژیان و دوور لەچەتری خێزانی سەرەکیی خۆیان پەروەردە دەبن**

**پێغەمبەری خۆشەویستمان درودی خوای لەسەربێ، فەرموویەتی هەر ئافرەتێک بەبێ عوزری شەرعی داوای تەڵاق بکات، لە بەهەشت بێبەش دەبێت**

**زیادبوونی تەڵاق لە کوردستان پەیوەندی بە دۆخی ئاڵۆزی سیاسی و ئابووری و بێکاری و هەروەها ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە**

بەهۆی قەیرانی دارایی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان روو لە هەڵکشانە. لە بەرامبەریشدا مارەبڕین روو لە داکشانی بەردەوامە. هێنانی ژنی دووەمیش زیادی کردووە. بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەری، ئامارەکانی تەڵاق لە ساڵی ٢٠١٢دا ٦٠٧٩ حاڵەت و لە ٢٠١٣دا ٦٤١٧ حاڵەت و لە ٢٠١٤دا ٨٧٧٧ حاڵەت و لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ٩٢٩٥ حاڵەتی تەڵاق بەرز بووەتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ دابەزیوە بۆ ٥٨١٤ حاڵەتی تەڵاق و لە ساڵی ٢٠١٧ تا ئێستا ئامارێکی دڵخۆشکەری نییە.

بەهار عەلی چالاکی بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەت، لە کاتێکدا ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە پەیوەست دەکات بە خراپیی باری ئابووریی هەرێمی کوردستان، هاوکات جیابوونەوەکان بە هۆشمەندیی ئافرەتەوە گرێ دەدات و دەڵێت: «کەمبوونەوەی هاوسەرگیری لەم کاتەدا پەیوەندی بە بارودۆخی ئابووریی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەتی کەمکردنەوە و نارێکیی دابەشکردنی مووچەی هاووڵاتیان کە وایکردووە، نەک ناتوانن پاشەکەوت بکەن، بگرە ئاستی بژێوییانی زۆر دژوار کردووە، ئەم بارودۆخە تەنانەت کاریگەری لەسەر بازاڕکردنیش هەیە، بۆ نموونە پێشتر کە کوڕو کچ دەیانویست هاوسەرگیری بکەن، بەشێکی زۆری کەلوپەلی ناوماڵیان بە قیست دەهێنا، ئەمانەش ئاسانکاری بوون بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری بەردەوام بێت. هەروەها پێشتر پێشینەی هاوسەرگیری هەبوو لە لایەن حکومەتەوە دەدرا، ئێستا ئەوەش نەماوە، بۆیە چ کچ و چ کوڕ دەیانەوێت لە هەر ئەگەرێك خۆیان بپارێزن و لێپرسراوەتی کەسێکی تر هەڵنەگرن.»

لەبارەی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقیش بەهار گوتی: «بە رای من ئەم بارودۆخە ئابوورییەی ئێستا تا رادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، بەشێکی تریشی پەیوەندی بە هۆشمەندیی ژن و پیاوەوە هەیە. هاوسەرگیری مەرج نییە بە زۆری بێت، دوو کەس لە قوناغێکدا یەکتریان خۆشویست و لێك تێگەیشتن، هاوسەرگیری دەکەن. ئافرەت زۆر لەوە هۆشمەندترە هاوسەرگیری رەت بکاتەوە، یان لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی پاراستنی شیرازەی خێزانەکەی دەدات، بەڵام ئەگەر وەك هەمیشە ئافرەت چەوسایەوە و توندوتیژی دەرهەق کرا و بە کۆیلە کرا، ناچار دەبێت قبووڵی نەکات و جیا ببێتەوە. بۆیە زۆر پێویستە هاوسەرەکان لە نێوان خۆیان لێك تێگەیشتن و گیانی لێبووردەییان هەبێت، لانیکەم لە پێناوی ئەوەی غەدر لە منداڵی خۆیان نەکەن و چارەنووسیان نەشێوێنن.

سەرکار مەولوود وەک میدیاکارێک رایوایە: «هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق بۆ نەبوونی هۆشیاری و لێك تێنەگەیشتنی نێوان هاوسەرەکان دەگەڕێتەوە، چونکە لێک تێگەیشتن کلیلی سەرکەوتنی هاوسەرەکانە.» هاوکات دەڵێت: «بە بۆچوونی من زیادبوونی تەڵاق لە کوردستان پەیوەندی بە دۆخی ئاڵۆزی سیاسی و ئابووری و بێکاری و هەروەها ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، هۆکارێکی دیکەشی دوورکەوتنەوە لە ئایینی ئیسلامە، چونکە پەیڕەوکردنی بنەماکانی هاوسەرگیری لە ئیسلام زۆر بەجوانی بۆمان شی کراوەتەوە، کە هاوسەرگیری واتە ژیان تا مردن پێکەوەبوون، رێز و خۆشەویستی و سەبر و ئارامگرتن لەسەر کێشەکانیش زمانێکی تەندروستە بۆ ژیانی هاوبەش و لە کاتی کێشەکان بە پەیڕەوکردنیان شکست بە تەڵاق دەهێنێت، بەداخەوە خیانەتی هاوسەریش لەم رۆژگارەی ئێستادا لەنێوان هاوسەران زۆر بووە، دەکرێ بڵێین هۆکاری سەرەکیی ئەوەش ناڕەحەتیی ژیانە بەتایبەتی کە چەند ساڵێکە هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی گەورەی دارایی بووە، ئەوەش کاریگەری لەسەر بژێوی رۆژانە هەیە، زوو بڕیاردانی گەنجانیش بۆ چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری هۆکارێکی دیکەیە، باسکردنی نهێنی ناوماڵی یەکتری بۆ خزم و کەسوکاریش بۆتە دیاردەیەک بەداخەوە، بەشێکی زۆر لە ئافرەتان ئەو نهێنییانە ئاشکرا دەکەن و دواتر تووشی کێشەی گەورە دەبن، لە کۆتاییدا پێغەمبەری خۆشەویستمان درودی خوای لەسەربێ، فەرموویەتی هەر ئافرەتێک بەبێ عوزری شەرعی داوای تەڵاق بکات، لە بەهەشت بێبەش دەبێت. بەهیوای کەمبوونەوەی دیاردەی تەڵاق.»

یاساناس و مافپەروەر شاخەوان خالید، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هۆکارەکانی تەڵاق زۆرن، لەوانە لاوازبوونی باری داهات و کێشەی ماددی کە یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی جیابوونەوەو تەڵاق، یان هاوسەرگیری لە تەمەنی کەم، کە بە هۆی نەبوونی ئەزموون لە ژیان و بەرگەنەگرتنی سەختییەکانی ژیان، تووشی کێشە دەبن. هەروەها لە یەك تێنەگەیشتنی هاوسەران و نەگونجان لەگەڵ یەکتر و جیاوازیی تەمەن و نەزۆکی و داوێنپیسی، یان نەبوونی ماڵی جیا، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی کەسێک پەنا بۆ تەڵاق و جیابوونەوە ببات. ئەو هۆکارانەی باسم کردن، هەر ئەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزان و زۆربەی جارەکان لە ئاکامی لێکجیابوونەوەی ئافرەت و پیاوە لە یەکتری، قوربانیی سەرەکییش منداڵەکانە کە دەکەونە نێوان دوو ژیان و دوور لەچەتری خێزانی سەرەکیی خۆیان پەروەردە دەبن. واتە بە دووربوونی لە باوك یان دایك پەروەردە دەبن و بە هۆیەوە منداڵەکە دوچاری زەرەری زۆری رۆحی و دەروونی دەبێتەوە، دوای ئەوەی دایك و باوکی لەیەك جیادەبنەوە. ئەوەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دوارۆژی منداڵەکە دەبێت و لێناگەڕێ منداڵەکە بەشێوەیەکی سرووشتی گەشە بکات و پەرە بە خۆی بدات، لەبەر ئەوەی دوور لە یەکیان (باوك یان دایك) گەورە دەبێت.»

ئەو یاساناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پێویستە بە زووترین کات کۆنفرانسێك لەسەر پرسی تەڵاق ببەسترێ بۆ دیاریکردنی هۆکارەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان، چونکە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزان لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەیە.»

# ئافرەت لە نێوان ستەم کردن وستەم لێکردن



د. مادح مەلا محەمەد بەرزێوەیی*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئافرەت پێش هەموو شتێك مرۆڤە، مرۆڤیش جاری وا هەیە ستەمکارە و جاری واش هەیە ستەم لێکراوە، بۆیە ناکرێ ئافرەت هەر بە چاوی ستەملێکراو سەیر بکرێت، لەبەرامبەریشدا پیاو وا نیشان بدرێت کە دیکتاتۆرێکی سەرسەخت و بێ بەزەییە، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا هاتووە و شێوازی ژیان و هەڵسوکەوتی پیاوان بەرامبەر بە ژنان وەکو جاران نەماوە. ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان کۆمەڵگەکانی دەوروبەرمان ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە پیاوی کورد لە هەموویان چاکترە لەگەڵ خێزانی خۆی، بۆیە ناکرێ پەنجەی تۆمەت تەنیا بۆ پیاوان درێژ بکرێت کە لە هەڵسوکەوتیدا توندوتیژە، بەڵکو جاری وا هەیە کە پیاو قوربانییە و ئافرەت ستەمکارە!

دەڵێن سوقراتی فەیلەسوف ئافرەتەکەی زۆر ئازاری دەدا، جارێکیان لە کاتی وانەبێژی بۆ قوتابیانی ئافرەتەکەی هات و زۆر هاوار هاواری کرد، بەڵام سوقرات وانەکەی نەبڕی و وەڵامی ژنەکەی نەدایەوە، تا ژنەکەی هات و گۆزە ئاوێکی بە سەردا کرد و سەرتاپای تەڕ کرد، ئەوجا سوقرات سەرو ریشی خۆی سڕییەوە و بە هێمنی بە شاگردەکانی گوت: پاش تریشقەی هەور، باران ببارێت شتێکی ئاساییە!!

حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و پیاوانیش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە سەرتاسەری جیهان بوونی هەیە، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی کە پیاوە ستەم لێ کراوەکان لە بەرامبەر ئەو غەدرەی لێیان دەکرێ بە دەستی هاوسەرەکانیان پەنا ببەن بۆ دامەزراندنی یەکێتی پیاوان بۆ خۆپاراستن لە هێرشی بەرامبەر و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. لەوانەیە لای کەسانێك سەیر بێت کە ئامارەکانی توندوتیژی ژنان بەرامبەر پیاوان نیشانیان بدەیت، بەڵام ئەمساڵ لە کوردستان زیاتر لە (٦٠٠) حاڵەتی پێشێلکردنی مافی پیاوان بەدەست ژنان تۆمار کراوە، هەروەها نزیکەی (٦٤) حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتنی پیاوان بە هۆکاری ژنەکانیان تۆمار کراوە!

ئەم حاڵەتانەی توندوتیژی ژنان بەرامبەر پیاوان ئەگەر لە وڵاتی ئێمە شتێکی تازە بێت، ئەوا لە هەندێك وڵات دەمێکە بۆتە گرفت و هەوڵی چارەسەری بۆ دەدرێت، بۆ نموونە وڵاتی میسر لە پێشەنگی وڵاتانی دنیایە لە ڕێژەی پێشێلکاری مافی پیاوان بەدەست ژنانەوە، بە جۆرێک کە لە ساڵی ٢٠١٣ وە تاوەکو ئێستا لە سەرووی لیستەکەیە کە ڕێژەکەی گەیشتۆتە ٥٠،٦٪ پیاوانی ئەم وڵاتە لە لایەن ژنەکانیانەوە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت!

لە ئەمریکا ٢٣٪ و لە بریتانیا ١٧٪ و لە هیندستان ١١٪ و لە کوێت ١٠٪ و لە سعودیە ٥٪ی پیاوان توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت بە دەست ژنانیان. ئەو حاڵەتانە لە شوێنە دەوڵەمەندنشینەکان و پێشکەوتووەکان زیاتر ئەنجام دەدرێت، نەوەك لە گەڕەکە هەژارەکان..

ئەم ئامارانە گەواهی ئەوەن کە توندوتیژی تایبەت نییە بە ڕەگەزێك، بەڵکو مرۆڤ لە هەر ڕەگەزێك بێت لە وانەیە دوچاری توندوتیژی ببێت، یان ئەنجامی بدات. بۆیە پێویستە دەزگاکانی پەیوەندیدار دروشمەکانیان بگۆڕن بۆ دروشمی (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) بۆ ئەوەی کەس توندوتیژی نەکات لە ناو خێزان و توندوتیژیشی بەرامبەر نەکرێت، نە ژن و نە پیاو و نە منداڵ. بۆیە پێویستە یاسای شەرعی ئیسلام جێبەجێ بکرێت کە دەفەرموێت :( لا ضرر ولا ضرار) واتا: نابێت کەس ستەم لە کەس بکات و نابێ ستەمی لێ بکرێت. بۆ ئەوەی هەمووکەسێك بە ئاسوودەیی بژیت و کەس توندوتیژی بەرامبەر کەس نەکات.

---

*** ئەندامی ئەنجومەنی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی بەرزێوە**

# دەرچووانی پۆلی دوانزەهەم لە نەهاتنەوەی ناوەکانیان نیگەرانن

دەرچووانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی نیگەرانن و وەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن، هیچ هیوایەکیان بە خوێندن و بڕوانامە نەماوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیش بۆ خوێندنی ئەمساڵ (٢٠١٧_٢٠١٨) چەند ڕێنماییەکی تازەی سەبارەت بە پەیمانگە و زانکۆ حکوومییەکان دەرکردووە و بەشێك لەو ڕێنماییانەش قوتابیانی نیگەران کردووە، بەتایبەتی کە بەشێکی زۆری قوتابیان ناوەکانیان لەکۆلێژو پەیمانگاکان نەگەڕاوەتەوە، شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردنیش ڕایانوایە کە ئەو ڕێنماییانە شڵەژانی دەروونی لای قوتابی دروست دەکات و بۆ ئەو ڕۆژگارەی قوتابی و خانەوادەکانیان گونجاو نییە، هاوکات لە ڕێنماییەکەدا هاتووە ئەو قوتابیانەی کە نمرەیان کەمە و لە ڕابردوودا لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەکی حکوومی وەرنەدەگیران، بڕیارە ئەمساڵ لە زانکۆ و پەیمانگە حکوومییەکان بە پارە وەربگیرێن، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیان بۆ بابەتەکە هەیە.



«دوای وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەکانی کۆتاساڵی پۆلی ١٢ی زانستی دەرچووم بە نمرەی ٦١٪ و پاش پڕکردنەوەی فۆڕم لە ڕێگەی زانکۆلاین، بەڵام ناوم لە هیچ کۆلیژ و پەیمانگەیەك نەگەڕایەوە، بەوەش چارەنووسی من و هەزاران قوتابی نادیارە.» ئەوە دەستپێکی قسەکانی قوتابی ئازاد قاسم بوو. هاوکات دەڵێت: «دوای ١٢ ساڵ خوێندن کە کار دەکاتە سەر پاشەڕۆژی هەزاران قوتابی بۆ درێژەدان بە خوێندن و زانست، نیگەرانیی ئێمەی قوتابی ئەوەیە کە تاکو ئێستا وەرگرتنمان دیار نییە بۆ درێژەدان بە خوێندن بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان و بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانمان بە پەوەردەو فێرکرن، هاوکات ئێمەی قوتابی لەبەر خراپیی باری دارایی، توانای خوێندنی زانکۆ و پەیمانگەی ئەهلیمان نییە، بۆیە دواکارین لە وەزارتی خوێندنی باڵا کە ڕێگەچارەسەرێك بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ درێژەدان بە خوێندنمان بدۆزیتەوە.»

د. حوسێن ئێسماعیل خان دەلۆ، مامۆستای زانکۆیەو سەبارەت بە گلەو گازندەی قوتابیان کە بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠١٧ — ٢٠١٨ ناویان نەهاتووەتەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەڵێت: «ئەوە کێشەیەکی گەورەیە کە بووەتە مایەی نیگەرانی قوتابیان و کەسوکاریان، چونکە قوتابی دوای کۆششێکی زۆر و شەونخوونی و ماندووبوونێکی تەواو لە ماوەی دوازدە ساڵی خوێندن، هەموو هیواکانیان لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە قۆناغی زانکۆ تەواو بکەن، بەڵام لە ڕووی میکانیزم و سیستەمی وەرگرتنەوە ئەمساڵ گۆڕانکاریەکی تەواو ڕوویداوە، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی بەرچاو بە نمرەی بەرزەوە وەرنەگیرێن، ئەوەش تاکو ڕادەیەك هەندێك لە قوتابیانی تووشی شۆك کردووە، بەتایبەتی کە لە ساڵانی ڕابردوو لانیکەمی کۆنمرە بۆ وەرگرتن دیار بووە، بەڵام ئەمساڵ ئەو لانیکەمە دەستنیشان نەکراوە، ئەمەش سەرلێشێواویەکی دروست کردووە، سەرباری ئەوەش بەهۆی قەیرانی ئابووری کە ئێستا بەرۆکی کوردستانی گرتووە، قوتابیان ناتوانن بە دڵخوازی خۆیان لە زانکۆ ئەهلییەکان بە پارە بخوێنن، بۆیە ناچارن یان لەماڵەوە دابنیشن، یان ڕوو لە کارکردن بکەن، کە ئەوەش لە کوردستاندا بە گشتی بۆیان دەستبەر نابێت، چونکە ڕێژەی بێکاری لە زیابووندایە و ئەوانیش بەهۆی ئەوەی کە سەرقاڵی خوێندن بوون لە کارکردندا دەست و پێ سپین .»

د. حوسێن ئێسماعیل خان دەلۆ جەخت لەوە

دەکاتەوە کە «ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە خاوەن بڕوانامەکانی بەکالۆریوس و دیپلۆم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دانەمەزراون، واتە بە هۆی کەڵەکەبوونی بڕوانامەی بەرز، هیچ دەرفەتێك بۆ دامەزرانیان نامێنێتەوە، ئەوانەشی کە بڕوانامەی شەشی ئامادەییان هەیە، دۆخیان زۆر خراپترە، چونکە ئەگەر دامەزراندنیش بکەرێتەوە، ئەوان هەر مەئیوس و نائومێد دەبن.» هاوکات دەڵێت: «هەق وایە لەم هەلومەرجە قەیراناوییەدا بۆ جێکردنەوەی ئەو قوتابییانەی ناویان نەهاتووەتەوە، حکومەتی هەرێم بە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە، لە زانکۆ حکومییەکاندا بە بڕی پارەیەکی کەم ئەو قوتابییانە لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا جێگا بکاتەوە، تاکو درێژە بە خوێندن بدەن.»

خەلیل پاڵانی ماموستا لەقوتابخانەی قەراجی بنەڕەتی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پەروەردەو فێرکردن بە بوارێکی هەستیارو گرنگی هەر کۆمەڵگەیەک دێتە هەژمارکردن، بەو هۆیەی کە پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە پێشقەچوونی بواری پەروەردەو فێرکرنەوە، بەڵام بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان نەک هەر گرنگییەکی ئەوتۆ بەو بوارە نەدراوە، بەڵکو ئەو هەنگاوانەی دەهاوێژرێن، زیاتر بووەتە هۆی ئیفلیجکردنی ڕەوشی پەروەردەو فێرکردن .دیارە هۆکاری نەهاتنەوەی ناوی زۆرێک لە قوتابییان لە کۆلێژو پەیمانگاکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمەی کە لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێ، دوای قەیرانی داراییش، کردنەوەی کۆلێژو پەیمانگای ئەهلی بە نرخێکی بەرز، لەمەشیان چینی هەژار کە زۆرینەن زیانمەندی یەکەمن، بۆیە دەکرێ بڵێین: ئەوە ڕێگەخۆشکەرێکە بەدەست لایەنی پەیوەندیدار بۆ نەهاتنەوەی ناوی قوتابیان لە کۆلێژو پەیمانگا حکومییەکان، هەرچەندە دامەزراندن لەکاتی ئێستادا وەستاوەو دەبووا حکومەتی هەرێم دەرفەتی زیاتر بە قوتابییان بدات و ئاسانکارییان بۆ بکات بۆ ئەوەی بتوانن خوێندنیان تەواو بکەن و دواتریش هەلی کاریان پێ بدات، بۆ ئەوەی تواناو بەهرەکانیان بە کردار بخەنە واری جێبەجێکردنەوە، بۆیە لەشوێنی ئەوەی پەروەردە لەهەوڵی کۆکردنەوەی پارە بێت، باشتر وایە ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ پێشکەوتنی زیاتری قوتابییان». ئەو ماموستاتە گوتیشی: «ئێمە وڵاتێکین خودان نەوتین و وەک زۆرێک لەوڵاتانی دیکە نەمانتوانیوە وەبەرهێنان لە هەموو بوارێک بکەین، کە بتوانین بەردەوام بین لە ڕەوشی پەروەردەو فێرکردن بە ئاراستەیەک کە خاوەن بڕوانامەکان بتوانن خزمەتی زانست و زانیاری و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری بکەین.»

بەهزاد تاهیر ماموستای یاریدەدەرە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و پسپۆڕە لە کارگێری و ژمێریاری، سەبارەت بە ناوەڕۆکی پرسی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات، کە «قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا بووەتە قەیرانێکی گەورەی ئابووری، لە سەرەتاکانی دەستپێکی شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا دروست بوو، لەبەر ئەوەی پێشتر پلانی نەبووە بۆڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی لەم شێوەیە، یەکێك لە هۆکارەکان کە وایکردووە ئەم قەیرانە زۆر بە زەقی خۆی پیشان بدات، ئەوەیە کە ماکینەی گەشەی ئابووری لە کوردستان زۆر خێراتر بوو لە ئاستی نۆرماڵی خۆی، بە شێوەیەك کە ئاستی داهات بۆ نزیکەی ٤٠٠٪ و زیاتریش بەرز بووەوە، لە زانستی ئابووری هەر هەڵکشانێك، داکشانی لە دوا دێت و بەهۆی خێرایی گەشەی ئابووری لە کوردستان کە بلقێکی وەهمی دروست ببوو، وای لێهات کە ئەم داکشانە، داکشانێکی نۆرمال نەبێت و ببووە هۆی دارمانی تەواوی سێکتەرەکان لە وڵات.» گوتیشی: «بە گۆڕەی کرێی خوێندن لە زانکۆ تایبەتەکان، بە هۆی ئەو بەرزبوونەوەیە لە ئاستی بژێوی ژیانی خەڵك و زیادبوونی داهاتی تاکە کەسەکان و زیادبوونی هەلی کار و فرەکاری وایکردووە کە خەڵك گرنگی زیاتر بداتە خوێندن و بەتایبەتیش لە زانکۆ تایبەتەکان لە بەر ئاسانی وەرگیرانی قوتابی لەو زانکۆیانە، بۆیە هەر تاکێك بە گوێرەی داهاتەکەی پلانی بۆ خەرجییەکانی ژیانی خۆی ڕێکخستبوو، بە دابەزینی داهاتەکەش بە ڕێژەی ١٥٪ تاکو ٧٥٪ بۆ ئەوانەی کە مووچەخۆرن، وایکرد، ئەم هاوسەنگییە تێکبچێت و ئەو قوتابییانەی کە لەو زانکۆیانە دەخوێنن، تووشی کێشەی ماددی ببن لە گەڵ زانکۆکانیان. وە ئەوانەی کە مووچەخۆریش نین واتە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن هەمان کێشەیان هەیە. ئەم کێشەیە بۆتە گرفتێك لە سەر لایەنی دەروونی قوتابیان و ڕۆژانە لە بری پرسیارکردن و فێربوونی ماددەکەیان، باسی قەیران و ناتوانایی لە پێدانی قیستەکان دەکەن و جۆرێك بێزاریان پێوە دیارە و ئاستی سەرنجدانیان بۆ خوێندن بە ڕێژەیەکی بەرچاو نزم بۆتەوە.»

**هەق وایە لەم هەلومەرجە قەیراناوییەدا بۆ جێکردنەوەی ئەو قوتابییانەی ناویان نەهاتووەتەوە، حکومەتی هەرێم بە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە، لە زانکۆ حکوومییەکاندا بە بڕی پارەیەکی کەم ئەو قوتابییانە لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا جێگا بکاتەوە، تاکو درێژە بە خوێندن بدەن**

**ئێمەی قوتابی لەبەر خراپیی باری دارایی، توانای خوێندنی زانکۆ و پەیمانگەی ئەهلیمان نییە، بۆیە دواکارین لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کە ڕێگەچارەسەرێک بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ درێژەدان بە خوێندنمان بدۆزێتەوە.»**

**نیگەرانیی ئێمەی قوتابی ئەوەیە کە تاکو ئێستا وەرگرتنمان دیار نییە بۆ درێژەدان بە خوێندن بۆ گەیشتن بە ئاوەتەکانمان و بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانمان بە پەروەردەو فێرکرن**